# "کاتێك کە لاوانی ئێران گیرۆدەی ئینترنێت دەبن"

و:هەورامان



ئینترنێت دیاردەیەکە، کە لە دوایین دەیەکانی سەدەی بیستەم دا هاتە کایەوە و لە ماوەیەی کورت دا بوو بە بەربلاوترین، خێراترین و ئاسانترین ئامێری زانیاری.

تازەترین ئامێرەکان لە ئێراندا وا دەردەخەن کە ژمارەی ئەو کەسانەی کەڵك لە ئنترنێت وەردەگرن لە ساڵی ٨٢ زیاتر لە ٥ ملیۆن کەس بووە کە ئەم ڕادەیە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بوون دایە. لە ڕاپۆرتی وەزارەتی "ارتباطات و فن اوری" دا هاتووە کە: لە چوارساڵی ڕابردوو دا، ڕادە بەکارهێنەرانی ئێنترنێت لە وڵاتدا ٢٥ بەرابەر بووە و زیاتر لە ٦٤ لە سەد لە کاربەرانی ئێرانی لە ماڵەوەش کەڵك لە ئێنترنێت وەردەگرن کە ئەمەش وانیشان دەدات  بە شێوەیەکی بەربلاو خەڵك خوازیاری کەڵك وەرگرتن لەم ئامێرە هەواڵنێریەن. ئێران بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٣٧٠ لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی فیزیکی نەزەری و ریاضیات بە تۆڕی جیهانی ئێنترنێتەوە گرێ دراو یەکەمین پێوەندی ئینترنێتی ئێران بە شێوەی کاتی لە لایەن ئوتریشەوەبوو کە بە شێوەی پێویستی الکترونیکی جێ بە جێ کرا.

پەرەسەندنی ئێنترنێت لە سەرانسەری جیهانی دا بە شێوەیەکی زۆر خێرا بووە و ئەمش لە کاتێك دایە کە هەروەکوو زۆر بەرهەمی دیکەی سەردەمی نوێ، پێوەندیەکانیش هێندێك نیگەرانی بە دواوەیەو بە واتایەکی دیکەش هەم داهێنەرەو هەم ڕوخێنەرن.

کۆمەڵ ناسان لە سەر ئەو بڕوایەن کە یەکێك لە هۆیەکانی ئەم نیگەرانیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بڵاوکردنەوەی وێنە و نوسراوەی دژی ئەخلاقی، کە بە واژەی "پورنوگرافی" ناو دەبرێ، لە ڕێگەی ئێنترنێتەوە بە خێراو بە ئاسانی جێ بە جێ دەبێ.

مەسەلەیەکی دیکەش گیرۆدە بوون بە ئێنترنێت، بە شێوەیەك کە لە نێوان ٤٧ ملیۆن بە کاربەری ئینترنێتی لە ئامریکا ٢ تا ٥ ملیۆن کەس گیرۆدەی ئێنترنێت بوون کە لە گەڵ کێشە گەلی زۆر بە رەو ڕوون، هاوکات لە گەڵ پەرەسەندی زیاتری ئێنترنێت لە ئێرانیشدا شاهیدی ڕوودانی کێشە گەلی وەها دەبین.

کێشەیەکی دیکەش کە ڕووبەڕووی ئە کەسانە دەبێتەوە کە زۆربەی کاتی خۆیان بۆ کارکردن لە سەر کامپیوتێر تەرخان کردووە شوێنەواری کارکردن لە سەر کامپیوتێرە.

دکتۆر عەلی فەرجمی دەروون ناسی بواری کۆمەلایەتی لە پێوەندی لە گەڵ مەترسی گیرۆدە بوون بە ئێنترنێت دەڵێ: گیرۆدەبوون بە ئێنترنێت دەتوانێت کێشەیەکی زۆر جیدی بۆ خوێندن و بنەماڵەو ئەو کەسانەی کە کار بە ئێنترنێت دەکەن دروست بکات. ئەگەر ئەو کەسانەی کەڵك لە ئێنترنێت وەردەگرن نەتوانن یەك مانگ دووری لە ئێنترنێت تەحەمول بکەن ئەوا ڕووبەڕووی مەترسی گیرۆدەبوون بە ئێنترنێت بوونەتەوە بە داخەوە ئێمە شاهیدی پەرەسەندنی ئەم دیاردەیەین، لە نێوان لاوەکانمان دا، بە شێوەیەك کە بەشێك لە لاوەکان شەوان تا بەیانی لە گەڵ ئێنترنێت دەگوزەرێنن و بەیانیانیش تەواوی کاتەکەیان بە خەوتن دەبەنە سەر هەر بۆیە ئەم مەسەلەیە ئاکامی زۆر خراپی لێ دەکەوێتەوە.

ناوبراو درێژە دەدات: لە وانەیە کە گیرۆدەبوون بە ئێنترنێت، وەکوو شێوەکانی دیکەی موعتاد بوون ئاسەواری جیسمی بە دواوە نەبێت، بەڵام ئەو گیروگرفتە کۆمەلایەتیانە کە ئەم کێشەیە دروستی دەکا، هەروەك باقی گیرۆدەبوونەکانە.

ناوبراو لە پێوەندی لە گەڵ شوێنەوارەکانی گیرۆدەبوونی ئێنترنێت لە سەر ئەوە پێ دادەگرێ کە: لە ساڵی ١٩٩٨ کەمەڵ ناسانی ئامریکایی بەر لە بەرچاوگرتنی هێندێك گیروگرفتی وەك: تەلاق، گوێ نەدان بە منداڵان، لە دەست دانی کار، قەرزدار بوون، ڕاکردن لە قووتابخانەو کێشە کۆمەلایەتیەکان، ناوەندی گیرۆدەبوون بە کامپیوتەر یان لە زانکۆکان بونیادنا. ناوبراو درێژە دەدات: بە داخەوە تووشبوانی ئێرانی کەمتر دان بە گرفتی خۆیان دادەنێن، و هاندەری سەرەکیان بۆ مراجعە بە کارناسان زۆرتر قەیران گەلێکن کە لە کاروباری بنەماڵەو خوێندن و پیشەیان دێتە پێش و خوێندکاران توێژێکن لە کۆمەڵ کە زیاتر هەڕەشەی گیرۆدەبوون بە ئێنترنێت لێ دەکرێ.

فەرجامی لە کۆتایی دا دەڵێ: کۆمەڵێك لە خوێندکارانی ئێرانی، کاتی ئیسراحەتی خۆیان زۆرتر لە کافەکانی ئینترنێت دەبەنە سەر، کارکردن لە سەر ئێنترنێتیان لە کارەکان یا خود چالاکیەکانی تر پێ خۆشترە. ئەمە لە کاتێك دایە کە بە کارهێنانی ئینترنێت کار دەکاتە سەر ژیان و پێوەندی شەخسی خوێندکاران. هەر بۆیە داوا لە خوێندکاران دەکەم کە کاتێکی دیاری کراو بۆ کارە زەرووریەکانیان لە ئێنترنێت لە بەر چاو بگرن لە زیاد کردنی کاتی دیاری کراو بە هەموو شێوەیەك خۆ ببوێرن.

دکتور محمد رضا حسینی کۆمەڵناس دەڵێ: ئاخرین لێکۆڵینەوەکان لە ئێران دا وانیشان دەدەن کە زۆربەی ئەوکەسانەی کە کەڵك لە ئێنترنێت وەردەگرن لاوەکانن، ٣٥ لە سەدی ئەوان لە بەر بوونیان لە "چت ڕوم"، ٢٨ لە سەد بۆ یاریە ئینترنێتیەکان، ٣٠ لە سەد بۆ تاقی کردنەوەی



پۆستە الكترونیكییەكان، ٢٥ لە سەدیش بۆ گەڕان لە شەبەكە جیهانیەكان. ناوبراو پیٚ لە سەر ئەوە دادەگریٚ كە، مەترسی گیرۆدەبوون بە ئینترنێت زیاتر كەسانێك دەگرێتەوە كە تەنیان، تووشی خەمۆكی هاتوون و بڕوا بە خۆبوونیان لە دەست دەبێت، یا خود كەسێك كە ڕابردووی موعتاد بوونی هەبیٚ.

ئەو لیٚ كۆڵینەوانەی كە لە وڵاتە پێشكەوتووەكان دا كراون وا نیشان دەدەن كە: ٦٠ لە سەدی ئەو كەسانەی كە گریٚ دراون بە ئینترنێتەوە ژنانی بە تەمەن و ماڵ دارن، لە گەڵ ئەوەش هیچ نیگەرانی دیاردە و لیباس و ماشێن و قیافە یا خود مۆدێل یان نیە، بەڵام لە وڵاتی ئێمە زۆرتری ئەو كەسانەی كە ڕوو لە ئێنترنێت دەكەن لاوانی بیر تیژو و ڕووناكبیرن، كە پێیان وایە بەم شێوەیە ئارامش بۆ خۆیان دابین دەكەن.

ناوبراو درێژەدەدات و دەڵیٚ: ئەو لاوانەی كە كەڵك لە ئێنترنێت وەردەگرن پێیان وایە دەتوانن لەم ڕێگایەوە لە گەڵ هەموو كەس لە سەرانسەری دنیا دا پێوەندی بگرن كە ئەم كاتانەش بۆ مرۆڤ زۆر شادی هێنەرو هیچ ئێش و ئازارێك ڕووبەڕووی نابێتەوە.

دكتور **محمد رضا** هەروەها دەڵیٚ: گیرۆدە بوان بە ئینترنێت وا بە باش دەزانن كە بە دروست كردنی تاقمێك بۆ بەرقەرار كردنی پێوەندی توندوتۆڵ لە گەڵ یەكتری بە شێوەیەك ئەو بۆشاییانە پڕ بكەینەوە كە لە دەرونیاندا هەیە.

ئەمەش لە كاتێك دایە كە هەر ڕۆژە لاوان شتی سەرنج ڕاكێشی زیاتر لە ئینترنێت پەیدا دەكەن و پاش ماوەیەكی كورت ئیتر چی دی ناتوانن دەست لە ئینترنێت هەڵبگرن و بەم شێوەیە بە ئینترنێتەوە گیرۆدە دەبن.

ئەم كۆمەڵناسە درێژە دەدات: بۆ ئەو دەستە لە لاوانە كە ئەسیری ئینترنێت بوون، دنیای خەیاڵی "چت رومەكان" و یاریە ئینترنێتیەكان بە ڕاحەتی جێگای خزمان، هاوڕێیان، خوێندن، كارو خەو دەگرێتەوە، بە شێوەیەك كە لاوانی ئێرانی لە سەعات ١٠ی شەو هەتا ٤ی بەیانی كاتی خۆیان بە ئینترنێتەوە تێپەڕ دەكەن و هەفتانە ٤٠ تا ٥٠ سەعات لە گەڵ ئینترنێتن و لە دنیای ڕاستی دا "واقعی" كە لەودا ژیان دەكەن دوور دەكەونەوە.

ناوبراو لە كۆتایی دا دەڵیٚ: ئەو كەسانەی كە سەردانی ئینترنێت دەكەن دەبیٚ فێر بكرێن كە چۆن كاتێكی دیاری كراو بۆ خۆیان دیاری بكەن بۆ ئەوەی بەرنامەكانی ژیانی ڕۆژانەیان تێك نەچێت.

دکتور "ارسلان **لطفی**" پسپۆر لە پێوەندی لە گەڵ کار کردن بە کامپیوتەر دەڵێ: کار کردنی زۆر لە سەر کامپیوتەر بە تایبەتی ئینترنێت کە کاتێکی زیاتری دەوێ گیروگرفتی زۆر بۆ بینین واتە بینایی مرۆڤ دێنێتە پێش کە دەتوانین ئیشارە بە ئازار، سوور بوون و سووتانەوەی چاو، سەر ئێشە بکەین، چاوەکانی مرۆڤ فێرن کە زۆر بە ئاسانی سەیری ئەشیا لە دوورو نزیکەوە بکەین، بەم شێوەیە ئەگەری ماندوو بوونی ماسوولکەکانی چاو کە سەیری شاشەی مۆنیتەرەکە دەکەن زۆرە.

**لطفی** پوور پێ داگری دەکاو دەڵێ: یەکێکی دیکە لە شوێنەوارەکانی لە سەر کامپیوتەر، ئازارەکانی ماسوولکەو ئازاری جومگەکانی دەست، یاخود ئازاری مل و پشتە و لە درێژ ماوە دا دەبێتە هۆی نووشتانەوە یا خەم بوونی پشت، ئەم کارەش فشارێکی زۆر لە ماوەیەکی درێژ دا بۆ سەر ماسوولکەکانی ئەو کەسانە دێنێت و لە کۆتایی دا دەبێتە هۆی دروست بوونی گیروگرفت بۆ ماسوولکە و جومگەکان.

ئەم پسپۆرە بواری تەندروستی دەڵێ: بەدەنەی کامپیوتەرەکان بە هۆی گەرم بوونەوە بۆنێکی تایبەتی لە خۆیانەوە دەدەنە دەرەوە، ئەم بۆنانە گازی "دیوکسنە" کە لە لایەن بەدەنەی کامپیوتەرەکانەوە دروست دەبێ، و ئەم مەوادە بەو هۆیە لە وێ دایە کە لە بەدەنەی "نمایشگەرەکاندا" وەکو مەوادێکی دژی سووتان بە کار دێت و گازی "ئۆزۆن" لە کاتی کارکردنی چاپگەری "لیزەری" بەرهەم دێت کە زیان بە چاو و گەروو دەگەیەنێت.

ناوبراو لە پێوەندی لە گەڵ ڕێگاکانی پێشگیری لە شوێنەوارە خرابەکان دەڵێ: لە ڕێگاکانی پێشگیری لە شوێنەوارەکان مەحدودیەتە لە کار کردن بە کامپیوتەر، کار لە گەڵ کامپیوتەر دەبێ بە شێوەیەکی بەرنامە دارێژراو بێ کە لە نێوان کاتەکان دا ئیسراحەت بکەیت بە شێوەیەك کە بۆ هەر ساعەتێك کاری بەردەوام لە گەڵ کامپیوتەر ١٥ خولەك ئیسراحەت بکەیت.

**سەرچاوە: "ئینترنێت"**

■